# سەرۆك و دیاری بەخشین!!!

**عومەر جەلال**
omerjelal@yahoo.com

بەهۆی نزیك بوونەوەی سەری ساڵی زاینی لەئەوروپا و ئەمریكا چەندین شوێنی كریستیان نشین جگە لەوەی كە بەمیلیەنەها مرۆ ڤ خۆیانی بۆ ساز دەكەن لەتەك ئەوەشدا سەرۆكگەلێك خۆیانی بۆسازدەكەن بۆ ئاڵوگۆڕكردنی دیاری تایبەت بەو بۆنەیەوە.

رۆژنامەیەكی ئەمریكی فرە تیراژ لەدوا ژمارەی خۆیدا بەو بۆنەیەوە وتارێكی نووسیوە باس لەو دیارییانە دەكات كە بۆ سەرۆك (بووش) هاتووە, ئەوەی كە جێگای قسەلەسەر كردنە ئەو دیارییە تایبەتەیە كە لەلایەن سەرۆكی كۆماری عێراق (تاڵەبانی) و سەرۆك وەزیرانی (مالكی ) بەنیازبوون بۆ سەرۆك (بووش ) ی هاوكار و دۆستیانی بنێرن بریتی بوو لە پارچە زیوێك كە لە شێوەی دار خورما بوو. تا ئێرە زۆر ئاساییە و خاكییە , وەلێ كۆمێدیاكە لێرەدایە كە لەرێگادا دیاریەكە دەشكێت و بەدەستی (بووش ) ناگات .

هەرچەند ئەگەر ئەم دیمەنە مەبەستێكی گاڵتە ئامێزی لەپشتەوە بێ دیوێكی دیكەی ئەوەیە كە نەیان توانیووە دیارییەكە بگەیەننە (بووش) ,ئایا مەبەست لەوەیە (تاڵەبانی و مالكی ) نەیانتوانیووە پاداشتی هاوپەیمانییەكان بدەنەوە ؟یان لە ریگا كێشەی شیعە و سوونەی تێكەوتووە و نەیان هێشتووە دیاریەكە بگات تاكو سەرۆكەكانی عێراق شەرمەزار بن؟ یان پارلەمانی عێراق كۆدەنگ نەبوونە لەتەك ئەم دیارییەدا ؟یان سیستانی بە كارێكی ڤێزەوونی داناوە كە دیاری ببرێت بۆ كەسێكی كە ئیسلام نییە و هێمای (خورما) هێمایەكی موقەدەسە و تایبەتە بە كولتووری ئیسلام و عەرب,بەهەرحال ئەمە خوێندنەوەیەكی تایبەتی دەوێت ئایا دەسەڵاتدارانی عێراق هێند كەمتەرخەمن ناتوانن دیارییەكی تایبەت بگەیینە سەرۆك ( بووش ) بە بۆنەی كریسمسەوە ؟یان دەسەڵاتدارانی عێراق هەست بەوە دەكەن نەیانتوانییوە دۆخی عێراق بەئاراستەیەكدا بەرن كە تاكی عێراقی هەوڵی ئەوە بدات دیاری تایبەت بنێرن بۆ (تاڵەبانی و مالكی) بە بۆنەی جەژنی قوربان؟

بوونی دیاری لە هەموو كولتوورێكدا شێواز و میتۆدی خۆی هەیە بۆ پێشكەش كردن ,ئەشێ دیاری كچ و كوڕێكی عاشق جودا بێت لە دیاری نێوان مامۆستا و قوتابیەك هەروەك و چۆن دیاری سەرۆكەكانیش جودایە لە یەك دی.

هەرچەندە لەم سەردەمی گلۆباڵ و تەكنۆلۆژیایەدا مرۆ بواری ئەوەی بۆ نارەخسێت كەمێك بیر لەوە بكاتەوە دیاری بە كێ ببەخشێت و بە كێ ی نەبەخشێت ؟بوونی دیاری بەخشین هەڵگری كۆمەڵێك رەهەندی رۆمانسین بەدەر لەوەی كە زۆر كەسی بۆ بەرژەوەندی و كاسەلێسی بەكاری دەهێنن بۆ وێنە چووونە پێشەوەی ئەندامی چەندین حیزبی لە سەرۆك و بەرپرسەكان بۆ ئەوەی وا هەستبكەن خۆشەویست دەبن.

هەریەك لە ئێمە دیاریمان بەخشیوە چ دیاری سەردەمی منداڵی بێت ؟ یان دیاری تایبەت بۆ ئازیزانمان ؟یان دیاری تایبەت و قەشەنگ بەدزی كۆمەڵگە و خێزانەوە بۆ ئەو كەسانەی كە عاشقی بووین و خۆشمان دەویست كە ئەمە جۆرە دیارییەیان تا مرۆڤ بمێنێت بوون و بۆنی دەمێنێت هەرچەندە رۆحییەتیەكی رۆمانسی پێوە دیارە بەڵام هێمایەكە بۆ ئامادەگی ئەوی دی لەهەمان چركەدا كە ئامادەگی نییە و ئامادەیە بە رۆح.

ئایا سەركردەی كورد یادی لەوە كردووەوتەوە لە رۆژی لەدایك بوونیدا یان لە یادی دامەزراندی حیزبەكەیدا دیاری تایبەت ببەخشن بەخاوەنی قوربانییەكان ,ئەو قوربانییانەی كە بوونە سوتماك بۆ رۆشنكردنەوەی رێگای ئەوانەی هەنووكە وەك كارێزما لەناوماندا دەژین؟ چ شتێك هەیە منداڵی شەهیدێك دڵ خۆش بكات كە لەلایەن بەرپرسێكەوە و دیاری بۆبرواتی ؟یان دایكی ئەنفالێك كە هەمیشە لە چاوەروانیدایە و هەر چاوەروانە ئایا رۆژێك دەسەڵاتدارێك خەونی بەوە بینییوە كە بە بۆنەی رۆژی ئەنفال كردنی قوربانییەكانیان یان هەر بۆنەیەكەوە بێت دیاری پێبەخشیون؟ئایا منداڵانی هەلەبجە و شۆڕش و رزگاری كەشەوان خەون بە شاری یارییەوە دەبینن و بەیانییان كاری دەستگێڕی پشتیان دشكێنێت و ئێواران غەمی نان پەیداكردنی خێزان دەیان هەژێنێت كێ بە بۆنەی جەژن و یادەوەرییە مەرگەساتەكانیان دیاری پێبەخشیون جگە لە چەند بەڵێنێكی سەرابی .